# پەڕلەمانی ئەوروپا و بڕیارێکی نادادپەروەرانە

## هاوڕێ باخەوان

ولاتانی ئەوروپا و پەڕلەمانە هاوبەشەکەیان دەمێکە ڕێکخراوی "بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی" – حەماس بە ڕێکخراوێکی تیرۆریست دەزانێت و بەشێوەیەکی فەڕمیش ڕێکخراوی حەماس لەنێو لیستەی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی پەڕلەمانی ئەوروپادایە.

سەرۆکی ڕێکخراوی حەماس (ئەحمەد یاسین) لە ڕۆژی 22ی مارتی 2004 لەلایەن ئیسرائیلەوە کوژرا. بەپێی تەواوی بڕیارەکانی پەڕلەمانی ئەوروپا لە ماوەی پێشتردا, ڕابەرانی حەماس تیرۆریستن, بەتایبەتی خودی ئەحمەد یاسین. بەلام جێی سەرسووڕمانە کە ڕۆژی 27ی مارتی 2004, هەمان پەڕلەمان بڕیارێکی ناڕەزاییی بەرامبەر کوشتنی ئەحمەد یاسینی تیرۆریست دەرکرد.

با کەمێك بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی نیزیکی کوردەواریمان و سەرنجی تیرۆرکردنی هەردوو ڕابەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی بندەستی داگیرکەری ئێران بدەین لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە و لەسەر خاکی ئەو پەڕلەمانەی کە ناوی پەڕلەمانی ئەوروپایە[1]. ئاشکرایە کە لە هیچ دۆکومێنتێکی پەڕلەمانی ئەوروپا, ناوی تیرۆر و تیرۆریستی نە بۆ حدکا و نە بۆ خودی گیانپاکان (ئەوڕەحمانی قاسملو و سادقی شەرەفکەندی) بەکار نەهاتووە و بگرە لەزۆر کار و کردەوەدا پەڕلەمانی ئەوروپا لە دژی داگیرکەری ئێران وەستاوەتەوە. بەلام بە تیرۆرکردنی ئەو دوو ڕابەرەی کورد, ئەم پەڕلەمانە هیچ بڕیارێکی ناڕەزایی دەرنەکرد و ئەوانەشی ئەو کارە تیرۆریستانەیان ئەنجامدا, ئێستا لە هەموو کەس ئازادترن.

ئەحمەد یاسین بەلای پەڕلەمانی ئەوروپاوە تیرۆریست بوو و پاش کوژرانی لە فەلەستین بەیانی ناڕەزایی بۆ کوشتنی و دژی ئیسرائیل دەردەکرێت. بەلام ڕابەرانی کورد بەلای ئەم پەڕلەمانەوە تیرۆریست نەبوون و پاش تیرۆرکردنیان لەسەر خاکی "ئەوروپا", ئەم پەڕلەمانە زمانی هەلنەهێنایەوە. ئەمەیە نادادپەروەری...

2004-03-28

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com

[1] د. ئەوڕەحمانی قاسملو لە 13-07-1987 لە ڤییەننا و د. سادقی شەرەفکەندی لە 17-09-1992 لە بەرلین لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە بەبەرچاوی ئەوروپا و پەڕلەمانی ئەوروپاوە تیرۆرکران.